Democratic Union of Iranian Kurdistan

یەکێتی دێموکراتەکانی کوردستانی ئێران

# مانگرتنی خەڵکی شاری مهاباد لە دژی هێزەکانی ڕێژیمی ئاخوندی

بە پێی هەواڵێک کە لە مهابادەوە پێمان گەیشتوە ، ڕۆژی 5 ی پوشپەڕی 1383ی هەتاوی خەڵکی شاری مهاباد وەك دژکردەوەیەك لە بەرانبەر ڕەفتاری هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیمی ئاخوندی لەو شارەدا ، دوکان و بازاڕیان داخستوەو لە ماڵ نەهاتونەتە دەرەوە . لە درێژەی هەواڵەکەدا دەڵێت کە ماوەیەکە ڕێژیمی ئاخوندی جاشە خۆفرۆشەکانی ناوچەکەی بەرداوەتە گیانی خەڵکی شاری مهاباد و بە بیانو بەهانەی جۆراو جۆر خەڵکی ئەم شارە دەخەنە ژێرفشارو ئەزیەت و ئازاریان دەدەن . هەروەها لە وڵامی شکایەت و هاواری خەڵکی شاریشدا لە دژی کردەوەی چەپەڵی ئەو خۆفرۆشانە دەوڵەت خۆی بێدەنگ کردوەو هیچ وڵامێکی خەڵکی ئەو شارەی نەداوەتەوەو بە ئانقەست و سەرەڕای زانیاری تەواوی لەم بارەوە ڕێژیمی ئاخوندی چاوپۆشی لەم کردەوە چەپەڵانەی ئەو جاشە خۆفرۆش و بەکرێگیراوانە دەکات . بۆیە خەڵکی شاری مهابادی پێشەوا، یەك دەنگ و یەك هەڵوێست ڕۆژی 5 ی پوشپەڕی 1383 دوکانەکانیان داخست و ئەو ڕۆژە لە ماڵ نەهاتنەدەرەوە

## یەکێتی دێموکراتەکانی کوردستانی ئێران

## 6ی پوشپەڕی 1383

www.ydki.org



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com
PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com